# به خوا به زمه له " کوردستان"*.......

## توانا

### نوسینی سەر کێلێک

### " که گۆرانی دەگوت خەڵک گوێیان لێ دەگرت،ئێستاش خەڵک گۆرانی دەڵێ و ئەو گوێیان لێ ڕادەگرێ"

خەڵکانی خوا پێداو باسەکانیان گوزارشت لە گوڵ و ژیان دەکەنەوە،ئێمەی کوردیش باسە کانمان لە دەوری کێلی قەبرەکان دەسورێنەوە، ئەوەش ئیفرازاتی دەیان ساڵەی نە گبەتی و نەها مەتیە کانمانە..

لە م ڕۆژانە دا لە دوور وولاتە وە لە ڕێگای تەلەفونەوە ویستم دەنگ و باسی هاورێییەکی خۆشە ویستم بزانم، کە بە ڕاستی کوڕی ڕۆژی تەنگانەو یەکێکە لەو پێشمەرگە خۆ نە ویستانەی کەهە ردەم ئامادە باش بووە بە خوێنی بستە زەمینێکی ئەم کوردستانەڕەنگین بکات. بەڵام سەد مەخابن، کاتێک باسمان گەیشتە سە ر وەزعیەتی کوردستان بە کورتی گوتی:

"خۆ گێل کردن بەباشترین دەرمان دەزانم بۆ ئەمڕۆ" هە ر بۆیە سوێندم خواردوە، نە ڕۆژنامە و نە گۆڤار و نە هیچ بڵاو کراوەیەک نە خوێنمەوە، دوایی ووتی: کاکە گیان خەڵکی مەی دەخۆنەوە تا ساتێک لە ژیانیان بە بێ ئاگایی لە لەمەینە تییەکانی ڕۆژگار بە سە ر بەرن، دووبارەی دەکەمەوە من خۆ گێل کردن لە میحنەتی بەردەوامی ووڵاتە ئازیزەکەم بە تاکە چارەسەر دەزانم.

ڕاستە شاعیر یش هە روا گوزارشت لە میحنەتی دووری کردووە کە دەڵێ :

"بە بە زمی حزوری تۆ حەرامم کـــــــــــردووە بادە

نەوەک بشکێ بە نە شئەی مەی خوماری دەردی بێ تۆیی".

منیش گۆتم:باشە ئەی بۆ قسە ناکەی؟

ووتی کاکە هە ر ما ڵێک یەک دوو پۆلیسی هە یە و بە تابووری پێنجەم لە قەڵەمت دەدەن، بڕوا بکەهە ر ئەوانەی جاران شاخ بە شاخ و کون بە کون بە دوا مانەوە بوون ئێستا نیشمان پەروەرن و ئێمەش دەبێت مانی بێ دەنگی بگرین.

بەخوا بەزمە لە کوردستان.......

بەردەوام بوو ووتی :ماوە یەک پێش ئێستاش برادەرێکی وێنەگرم جامی کۆنە موستەشارێکی لابوو،ووتی هە ر بۆ ئەوە ی ئەوەندە بە عیشوەوە لە پەنای پەنادەرانیدا بە ناو شاردا ڕێ نەکات و تۆزقاڵێک شەرمی " ئەگەر تیا ما بێت" بووروژێنم،

پێی ووتبوو جامی وێنەکەتم بە ڕێکەوت بینی کە ڕەنگی 10 – 12 ساڵێک پێش ئێستا ی پێوە دیارە و بە چەک تفاقەوەیە.

بەڵام ئەو ڕاوێژکارەی دوێنی و هە ڤاڵی ئەمڕۆ بێ ئەوەی نە "شەرم" نە" حەیا" نە" سەکتەی دڵ و دەماغ " بیگرێت و لێی بدات، داوای کرد بوو چەند وێنەیەکی بۆ دەر بکات، لە و کاتە ش وێنەکەی بۆ ڕاکێشا بوو وتبوی" ئاهـــــــــــــ.......... ئەم چەکە چەند ساڵە بە شا نمانەوە یە".

بەڵام چەکە کە، چەکی جاشی بوو،ئێستاش ئەوەندە ی ئەرزو ئاسمان دەستی دەڕوات و ئەگەر دڵی نەرم بێت ، جار جار پاشماوەی ئەو خەڵکە ئەنفال کراوەی " ئەوانەی لە کاتی خۆیدا بەر چنگی نە کە وتوون" دایاندە مە زرێنێت لە دام و دەزگاکانی کوردستانی ئازاددا....!

منیش ووتم ڕاست دەکەیت، بە ڕاستی بەزمە لە کوردستان ، و هە ر شا دو بێ دەنگ بن و بە دوعـــــــــــــــا......

*کوردستانی بە شی عێراق.

*داغستانی من-ڕەسوڵ حەمزەتۆف